# قوربانییەکەی ئیبراهیم

پەیدابوون ٢٢

لە دیراسەتەکانمان لە تەورات، زۆر چیرۆکی سەرسوڕهێنەرمان و گرنگ زانی دەربارەی پێغەمبەری خودا، ئیبراهیم.  ئێستاش گەیشتینە گرنگترین وانە لە ژیانی ئیبراهیم: چیرۆکی ڕاستەقینەی جەژنی قوربان و ماناکەی... (قوربانییەکەی ئیبراهیم.)

لە وانەی ڕابردووماندا، زانیمان چۆن خودا منداڵێکی بەخشی بە ئیبراهیم و سارا لە تەمەنی پیریاندا.  ئەو بەڵێنەی هێنایە دی کە زۆر لەوە پێش دابووی.  ناوی کوڕەکەیان ئیسحاق بوو.  خودا بەڵێنی بە ئیبراهیم دابوو کە لە نەوەی ئیسحاق نەتەوەیەکی نوێ بێنێت، کەوا هەموو نەتەوەکانی جیهان بەرەکەتی پێ بکرێن.  هەروەها بینیمان چۆن ئیسماعیل و هاجەری دایکی ماڵی ئیبراهیمیان بەجێ هێشت، و چوون لە خاکی میسر بژێن.  بەو شێوەیە، تەنها ئیسحاق لە ماڵ مایەوە، یەك منداڵی لەدایك بوو هەروەك بەڵێنەکەی خودا.

ڕۆژێك خودا داوای لە ئیبراهیم کرد شتێکی سەیر و زەحمەت بکات.  لە تەورات، لە سیپارەی پەیدابوون بەشی بیست و دوو، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ:  (پەیدابوون ٢٢) ١دوای ماوەیەک خودا ئیبراهیمی تاقی کردەوە. پێی فەرموو: (ئیبراهیم!) ئەویش وتی: (ئەوەتام.) ٢ ئینجا خودا فەرمووی: (کوڕەکەت، تاقانەکەت ئەوەی کە خۆشت دەوێت، ئیسحاق، ببە و بڕۆ زەوی (مۆریا). لەوێ بیکە قوربانی سووتاندن، لەسەر یەکێک لە کێوەکان کە خۆم پێت دەڵێم.)

چۆن!  خودا داوای چی لە ئیبراهیم دەکرد؟  ئیبراهیمی ڕاسپارد کە کوڕە تاقانە خۆشەویستەکەی بەرێتە چیایێکی دوور، و بیکات بە قوربانی سووتاندن!  ئەم شتە چۆن دەبێ؟  ئیبراهیم بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵی دوور و درێژ چاوەڕێ بوو کوڕێکی ببێ کە خودا بەڵێنی پێی دابوو، و ئێستاش خودا پێی دەفەرموێ کوڕەکەی سەر ببڕێ وەك قوربانی!  وەڵامی ئیبراهیم چۆن بوو؟  ئایا دەمەقاڵێ لەگەڵ ووشەی خودا کرد لەبەر ئەوەی کارێکی زەحمەت بوو بۆ قبووڵ کردن؟  نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:  (پەیدابوون ٢٢) ٣بۆ بەیانی ئیبراهیم زوو لە خەو هەستا و گوێدرێژەکەی کورتان کرد. لەگەڵ خۆیدا دووان لە خزمەتکارەکانی و ئیسحاقی کوڕی برد و داریشی بڕی بۆ قوربانی سووتاندن. ئینجا هەستا و ڕۆیی بۆ ئەو شوێنەی خودا پێی فەرمووبوو.

بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، ئیبراهیم و کوڕەکەی و هەردوو خزمەتکارەکەی ڕۆیشتن و ڕۆیشتن و ڕۆیشتن، و بەرەو ئەو چیایە ڕۆیشتن کە خودا ناوی هێنابوو.  دڵی ئیبراهیم وەخت بوو ڕاوەستێ کاتێ نزیك بووەوە لەو شوێنە ترسناکەی کە دەبوایە کوڕە خۆشەویستەکەی لێ سەر ببڕێ!  بێ گومان، ئێمەی خوێنەری ئەم چیرۆکە دەزانین کە خودا تەنها باوەڕی ئیبراهیمی تاقی دەکردەوە، بەڵام ئیبراهیم ئەوەی نەدەزانی!  ئەوەی خودا داوای لێ کرد تاقیکردنەوێکی سەخت و دژوار بوو!  پاشان نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ:  (پەیدابوون ٢٢)
٤لە ڕۆژی سێیەمدا ئیبراهیم چاوی هەڵبڕی و لە دوورەوە شوێنەکەی بەدی کرد. ٥ئیتر ئیبراهیم بە دوو خزمەتکارەکەی وت: (ئێوە بۆ خۆتان لێرە لەگەڵ گوێدرێژەکە دانیشن، من و کوڕەکەش تا ئەوێ دەچین، کڕنۆش دەبەین و دەگەڕێینەوە لاتان.) ٦ ئیبراهیم داری قوربانی سووتاندنەکەی هەڵگرت و خستییە سەر پشتی ئیسحاقی کوڕی و خۆشی بە دەستی ئاگر و چەقۆیەکەی هەڵگرت و هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن. ٧ئینجا ئیسحاق بە ئیبراهیمی باوکی وت: (باوکە!) ئەویش پێی وت: (ها کوڕم؟)

ئینجا وتی: (ئەوەتا ئاگرەکە و داری سوتاندنەکە، ئەی کوا بەرخەکە بۆ قوربانی سووتاندنەکەیە؟)
٨ئیبراهیمیش وتی: (خودا بۆ خۆی بەرخێک بۆ قوربانی سووتاندنەکە دابین دەکات، کوڕم.) ئیتر هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن.

٩کاتێک گەیشتنە ئەو شوێنەی خودا پێی فەرمووبوو، ئیبراهیم قوربانگایەکی دروست کرد و دارەکانی لەسەر ڕێک خست و ئیسحاقی کوڕی بەستەوە و خستیە سەر قوربانگاکە لەسەر دارەکان. ١٠ ئیتر ئیبراهیم دەستی درێژ کرد و چەقۆیەکەی هەڵگرت تا کوڕەکەی خۆی سەر ببڕێت. ١١ بەڵام فریشتەی خوداوەند لە ئاسمانەوە بانگی کرد و فەرمووی: (ئیبراهیم! ئیبراهیم!) ئەویش وتی: (ئەوەتام.) ١٢ پێی فەرموو: (دەست بۆ کوڕەکە مەبە و هیچی لێ مەکە. چونکە ئێستا زانیم تۆ لە خودا دەترسیت، چونکە لە پێناوی من دەستت

بە کوڕەکەت، بە تاقانەکەتەوە، نەگرت.) [١٣] ئینجا ئیبراهیم چاوی هەڵبڕی و بینی ئەوەتا بەرانێک لە دوایەوە لەناو دەوەنەکەدا بە هەردوو قۆچی گیربووە، جا ئیبراهیم چوو و بەرانەکەی گرت و سەری خست، وەک قوربانی سووتاندن لە جیاتی کوڕەکەی. [١٤] ئیتر ئیبراهیم ئەو شوێنەی ناو نا، (خوداوەند دابینی دەکات). وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەووترێت، (لە کێوی خوداوەند، دابین دەکرێت.)

ئەم چیرۆکە زۆر گرنگە و شایەنی ڕوونکردنەوەیە. چیرۆکی قوربانی کردنی ئیبراهیم سێ لایەنی هەیە: لایەنی مێژوویی، لایەنی نیشانەیی و لایەنی پێغەمبەری. بە چەن ووشەیەکی تر، بۆ ئەوەی لە قوربانییەکەی ئیبراهیم تێ بگەین، دەبێت لە سێ شت تێ بگەین، ١: چی ڕووی دا، ٢: قوربانییەکە نیشانەی چی بوو، ٣: ئیبراهیم پێش بینی چی کرد سەبارەت بەڕووداوێك کە هێشتان ڕووی نەداوە.

سەبارەت بەلایەنە مێژووییەکی، ئەمڕۆ خوێندمانەوە چۆن خودا باوەڕی ئیبراهیمی تاقیکردەوە و کوڕەکەشی ڕزگار کرد لە مردن بە شێوەی قوربانی بەران. ئەم ڕووداوە نزیکەی چوار هەزار ساڵ لەمەو پێش ڕووی دا لە شوێنێك کە شاری قودسی لێیە ئێستا. ئەوە بەکورتی لایەنی مێژووییەکەی قوربانییەکەی ئیبراهیم بوو.

سەبارەت بە لایەنی نیشانەیی چیرۆکەکە، ووشەی خودا پێمان دەڵێت ئێمە هەموومان وەك کوڕەکەی ئیبراهیمین. ئەوەمان خوێندەوە کە خودا، لە دادوەری خۆیی حوکمی مردنی بەسەر ئیسحاق، کوڕەکەی ئیبراهیم هێنا. ئێمەش هەموومان گوناهباری بە تاوانین و شایەنی دادوەری خوداین. بەڵام ئەوەشمان خوێندەوە کە خودا، بە نیعمەتی خۆی، کوڕەکەی ئیبراهیمی ڕزگار کرد لە مردن. بە هەمان شێوەیە، خودا بە نیعمەتی خۆی، دەیەوێ ڕزگارمان بکات بەدابین کردنی ئامرازی ڕزگاربوون. ڕێگای ڕزگاربوون چییە؟ چیرۆکی قوربانی ئیبراهیم فێرمان دەکات کە ڕێگای ڕزگاربوون کە لەلایەن خوداوە دامەزراوە بە ڕێگای قوربانی تەواوەکە.

لە چیرۆکی ئەمڕۆمان، بینیمان چۆن خودا بەرانێکی دابین کرد بۆ ئەوەی لە جێگای کوڕەکەی ئیبراهیم بمرێ. تەنها قۆچەکانی بەرانەکە لەدەونەکە گیر ببوو، پێستەی بەرانەکە هیچی لێ نەهاتبوو. ئەگەر بەرانەکە یەك کەم و کوڕی هەبوایە، نەدەکرا جێگای کوڕەکەی ئیبراهیم بگرێتەوە لەسەر قوربانگاکە. بەڵام ئەو قوربانییەی خودا دابینی کردبوو بەرانێکی تەواو بوو، بێ کەم و کوڕی. لە دیراسەتمان لە بەشەکانی یەکەمی تەورات، دەربارەی ڕێگای ڕزگاربوون کە خودا دایمەزراندووە فێربووین. لەبیرتە ئەو ڕێگایە چی بوو؟ لەپاش ئەوەی ئادەم و حەوا گوناهیان کرد، خودا ڕایگەیاند کە، چونکە کرێی گوناە مردنە، ئەوا لێ بووردنی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێ. لەبەر ئەوە، دەبوایە هەموو ئەوانەی ویستیان خودا لە گوناهەکانیان خۆش بێت ئاژەڵێکی بێ کەم و کوڕی بێنن و سەری ببڕن، و بۆ خودا وەك قوربانییێکی سووتاو پێشکەشی بکەن. ئاژەڵە بێ تاوانەکە دەبوایە لەباتی کەسە تاوانبارەکە بمرێت. ئەوە تاکە ڕێگا بوو کە خودا بتوانێ لە گوناهی نەتەوەی ئادەم خۆش بێت، بێ ئەوەی لە ڕاستودرووستی و دادوەری خۆی دەرچێت.

شتێکی تر لەمەدا دەبێت فێربین: نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە قوربانی ئاژەڵ تەنها سێبەری شتە باشەکانی داهاتووە، نەک وێنەی تەواوی ڕاستییەکان... چونکە مەحاڵە خوێنی گا و بزن گوناە لابەرێت. (عیبرانییەکان ١٠: ١، ٤) خوێنی ئاژەڵ گوناە لانابات لەبەر ئەوەی ئاژەڵ و مرۆڤ بەهەمان بەها نین. لەبەر ئەوە، فێری ئەوە دەبین کە ئەو بەرخەی جێگای کوڕەکەی ئیبراهیمی گرت لەسەر قوربانگاکە نیشانەی قوربانییێکی گەورەتر و تەواوتر بوو. ووشەی خودا پێمان نیشان دەدات کەئەو بەرانەی لەجێگای کوڕەکەی ئیبراهیم مرد هێمای ڕزگاری دەرە پیرۆزەکە بوو کە دەهاتە جیهانەوە بۆ ئەوەی لەباتی هەموو گوناهباران بمرێت، بۆ ئەوەی خودا لەهەموو ئەوانە خۆش بێت کە باوەڕیان پێی هەیە. بەکورتی، ئەمە مانای قوربانی بەرانەکەی ئیبراهیمە. نیشانەی ئەو ڕزگاری دەرەیە کە خودا بەڵێنی دابوو بینێرێ بۆ جیهان تاکو گوناهباران ڕزگار بکات لەدادوەرییە ڕاستودروستەکەی!

سەبارەت بەلایەنی پیغەمبەرایەتی ئەم چیرۆکە، لەبیرتە ئیبراهیم چی بە کوڕەکەی ووت کاتێ سەردەکەوتنە سەر چیاکە؟ پێی ووت: (خودا بۆ خۆی بەرخێک بۆ قوربانی دابین دەکات) لەبیرتە ئیبراهیم چی ڕاگەیاند لەپاش ئەوەی بەراەنەکەی سەربڕی، لەباتی کوڕەکەی سووتاندی؟ ناوی لە شوێنی قوربانییەکە نا: *خوداوەند دابینی دەکات*! پێغەمبەر موسا، کە تەوراتی نووسیوە دەڵێت: (تا ئەمڕۆ دەوترێ: لە کێوی خوداوەند، دابین دەکرێت!) هۆی ئەمە چی بوو؟ بۆچی پێغەمبەر ئیبراهیم ووتی، (خوداوەند دابینی دەکات)؟

بۆچی نەیوت، (ستایش بۆ خودا! پەروەردگار قوربانییێکی دابین کردووە!) ئازیزان، ئەم پرسیارە زۆر زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی وەڵامەکەی مزگێنی خۆشی ووشەی خودای تێدایە، کە هەموومان دەبێت لێی تێ بگەین و باوەڕی پێ بکەین!

بۆچی ئیبراهیم ناوی لەو شوێنە نا، خوداوەند دابینی دەکات؟ لەبەر ئەمە بوو: ئیبراهیم ڕووداوێکی ڕادەگەیاند کە لەسەر هەمان چیادا ڕوودەدات لەو شوێنەی بەرخەکە جێگای کوڕەکەی گرتەوە لەسەر قوربانگاکە. بەکورتی، ئیبراهیم ڕایدەگەیاند (ستایش بۆ خودا، چونکە بەرخێکی دابین کرد بۆ ئەوەی جێگای کوڕەکەم بگرێتەوە لەسەر قوربانیگاکە. بەڵام، پێتان دەڵێم ڕۆژێك، لەسەر هەمان چیادا، خودا قوربانییێکی تر دابین دەکات کەوا مەزنتر دەبێت لەوبەرانەی کوڕەکەی منی ئەمڕۆ ڕزگار کرد لە دەمی چەقۆ و ئاگر. بەڵێ، ئەو قوربانییەی خودا دابینی دەکات ئەو ە)ێزەی هەیە کە نەوەی ئادەم ڕزگار بکات لە مردنی تاهەتایی لەناو ئەو ئاگرەی هەرگیز ناکوژێتەوە! خودا ڕزگاری دەرێکی پیرۆز دەنێرێ کەوا دەمرێت وەك قوربانی، بێ تاوان لەباتی تاوانبار، بۆ ئەوەی هەرکەسێ باوەڕی پێ بێنێ ئەوا نافەوتێ!) ئەمە مزگێنی خودایە بۆ هەموو کەس کە ئیبراهیم ڕایدەگەیاند کاتێ ووتی، (خودا بۆ خۆی بەرخێک بۆ قوربانی دابین دەکات!)

پێش ئەوەی کۆتایی بە چیرۆکی (قوربانییەکەی ئیبراهیم) بێنین، هەریەك لە ئێمە پێویستە بزانین کە، نزیکەی دوو هەزار ساڵ لەپاش ئەوەی ئیبراهیم پێش بینی کرد کە خودا قوربانییێك بۆ گوناهباران دابین دەکات، خودا پێش بینی (واتا نبوەتی) ئیبراهیم هێنایە دی. ئێسبا ناتوانین زۆر باسی ئەوە بکەین، بەڵام ئەوانەی ئینجیل دەزانن، چیرۆکی ڕزگاری دەرەکە دەزانن. دەزانن کە ئەو لە ئافرەتێکی پاکیزە لەدایك بوو کەوا دەگەڕێتەوە بەرەی ئیبراهیم و ئیسحاق، هەر وەك خودا بەڵێنی دابوو. ئەو ڕزگاری دەرەی کە دەبوایە لەباتی گوناهباران بمرێت باوکی زەمینی نەبوو. ئەو لە ئاسمانەوە هاتبوو، و لەبەر ئەوە، خەسڵەتی گوناهباری ئادەمی نەبوو. بێ گوناه بوو، بێ کەم و کوڕی بوو. لەبەر ئەوە شایەنی ئەوە بوو وەك قوربانییێکی تەواو بمرێت، وەکو جێگری نەوە گوناهبارەکەی ئادەم. کاتێ دەگەینە ئینجیل، دەزانین کە ناوی ئەم ڕزگاری دەرە عیسایە. ناوی عیسا مانای خودا ڕزگار دەکات.

کاتێ دێینە لای ئینجیل، دەخوێنینەوە کە چۆن پێغەمبەرێك هەبوو ناوی یەحیا بوو کەوا خودا ناردی بۆ ئەوەی ڕێگا خۆش کات بۆ عیسای ڕزگاری دەر. ڕۆژێکیان، یەحیا عیسای بینی وا بەرەو ڕووی دێت و پێی ووت، (ئەوەتا بەرخی خودا، ئەوەی گوناهی جیهان لادەبات!) (یۆحەنا ١: ٢٩) بۆچی پێغەمبەر یەحیا بە عیسای ووت، (بەرخی خودا)؟ لەبەر ئەوەی عیسا لەدایك بوو تاکو خوێنی خۆی بڕێژی وەك قوربانی کە گوناه هەڵدەگرێت. وەك بەرخەکەی لەباتی کوڕەکەی ئیبراهیم مرد، ڕزگاری دەرەکە هات بۆ ئەوەی بمرێ لەباتی هەموو نەوەکانی ئادەم. عیسا دوایەمین و تەواوترین قوربانییە کەوا ئیبراهیم پێش بینی کرد کاتێ وتی: (خودا بۆ خۆی بەرخێک بۆ قوربانی دابین دەکات!)

لە ئینجیل دەخوێنینەوە کە چۆن عیسا بە ئیرادەی خۆی، خۆی دایە دەستی دوژمنەکانیەوە، و ئەوانیش لە خاچیان دا. عیسای ڕزگاری دەر، کە خودا دابینی کرد، مانای هەردوو لایەنی پێغەمبەری و نیشانەیی بەرخی قوربانی ئیبراهیمی هێنایە دی. لەبەر ئەوە، پێش ئەوەی عیسا بمرێت، هاواری کرد ووتی، (تەواو بوو!) (یۆحەنا ١٩: ٣٠) پاش سێ ڕۆژ، خودا تەواوی و بەهێزی قوربانی ڕزگاری دەرەکەی جێگیر کرد بە هەڵساندنەوەی لە مردن! عیسا ئەو یەکە کە بە تەواوی مانای قوربانییەکەی ئیبراهیمی هێنایە دی. دەزانی ئەو جێگایەی کە عیسا لێی مرد لەباتی گوناهباران لە هەمان چیا بوو کە ئیبراهیم بەرانەکەی لەباتی کوڕەکەی سەر بڕی؟ شوێنی ئەو دوو قوربانییە دەزانیێ؟ بەڵێ، لە قودس بوو.

برادەری ئازیز، هەر کەسێکی و لە هەر جێگایێکی، خودا ڕاتدەسپێرێ واز لەبیر و باوەڕی خراپ بێنێت و لە کردەوەی بێ نرخ، بەتەواوی هیوات بخەیتە ناو دوایەمین و تەواوترین قوربانی کە دابینی کردووە. نووسراوە پیرۆزەکان سەبارەت بە ڕزگاری دەر دەفەرموێ: ئەوەی خودی خۆی لە لەشیدا لەسەر دار گوناهەکانمانی هەڵگرت، تاکو سەبارەت بە گوناه بمرین و بۆ ڕاستودروستی بژین. بە

برینەکانی ئەو چاکبوونەوە. (١ پەترۆس ٢: ٢٤) ئەمڕۆ زانیمان کە کوڕەکەی ئیبراهیم ئەو قوربانییەی قەبووڵ کرد کە خودا بۆی دابینی کردبوو. ئەی دەربارەی تۆ، خوێنەری ئازیز؟ تۆش قوربانییەکەت قەبووڵ کردووە کە خودا بۆتی دابین کردووە؟

خوداش بەرەکەتی خۆی بە سەرتدا ببارێنی کاتێ بەووردی سەرنجی مانای ووشەکانی ئیبراهیم لەسەر چیا دەدەیت کە ووتی، (خودا بۆ خۆی بەرخێک بۆ قوربانی دابین دەکات....لە کێوی خوداوەند، دابین دەکرێت!) (پەیدابوون ٢٢: ٨، ١٤)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. خودا داوای چی لە ئیبراهیم دەکرد؟ ئەم شتە چۆن دەبێ؟

٢. وەڵامی ئیبراهیم چۆن بوو؟ ئایا دەمەقاڵێ لەگەڵ ووشەی خودا کرد لەبەر ئەوەی کارێکی زەحمەت بوو بۆ قبووڵ کردن؟

٣. ڕێگای ڕزگاربوون چییە؟ لەبیرتە ئەو ڕێگایە چی بوو؟

٤. سەبارەت بەلایەنی پیغەمبەرایەتی ئەم چیرۆکە، لەبیرتە ئیبراهیم چی بە کوڕەکەی ووت کاتێ سەردەکەوتنە سەر چیاکە؟

٥. لەبیرتە ئیبراهیم چی ڕاگەیاند لەپاش ئەوەی بەرانەکەی سەربڕی، لەباتی کوڕەکەی سووتاندی؟

٦. هۆی ئەمە چی بوو؟ بۆچی پێغەمبەر ئیبراهیم ووتی، (خوداوەند دابینی دەکات)؟ بۆچی نەیوت، (ستایش بۆ خودا! پەروەردگار قوربانییێکی دابین کردووە!)؟

٧. بۆچی ئیبراهیم ناوی لەو شوێنە نا (خوداوەند دابینی دەکات)؟

٨. بۆچی پێغەمبەر یەحیا بە عیسای ووت (بەرخی خودا)؟

٩. دەزانی ئەو جێگایەی کە عیسا لێی مرد لەباتی گوناهباران لە هەمان چیا بوو کە ئیبراهیم بەرانەکەی لەباتی کوڕەکەی سەر بڕی؟ شوێنی ئەو دوو قوربانییە دەزانیٚ؟

١٠. تۆش قوربانییەکەت قەبووڵ کردووە کە خودا بۆتی دابین کردووە؟

ڕێگای ڕاست و دروستی:
وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org